

بەرەی تورکمانی و بەرە ی گردبونەوەی عەرەبی دژی ماددەی (140)ی دەستور و دژی یەکلایی کردنەوەی چارەنوسی شارەکەن لە ڕێی راپرسییەوە

# کەرکوك شەڕی ناسنامە دەکات

**بەرەی گردبوونەوەی عەرەبی و بەرەی تورکومانی دژی دانانی کەرکوکن وەکو بەشێك لە جوگرافیای کوردستان لە دەستوری هەرێمدا**

راپۆرتی هەرێم بتوێنی - کەرکوك



عەلی مەهدی - بەرەی تورکومانی

لەدوای تێپەڕینی چەندین مانگ بەسەر بڕیاری دانانی لیژنەیەکی بالاّ بۆ ئاساییکردنەوە و پاشان جێبەجێکردنی قۆناغەکانی دیکەی مادەی 140 لە دەستووری هەمیشەیی عێراقدا، لەم رۆژانەدا لیژنەی بالاّی ئاساییکردنەوەی مادەی 140 لە هەشت ئەندام و سەرۆکێك پێکهات کە سێ کورد و سێ عەرەب ودووسێ تورکمانن، کاری ئەم لیژنەیە کە بەبڕیاری سەرۆك وەزیرانی عێراق دانراوە، سەرپەرشتیکردن و چاودێری وبەدواداچوون و گەڕانە بەدوای بەڵگەو دیکۆمێنت و ڕاستییە مێژوییەکاندا، لەمبارەیەوە رۆژی 2006/8/30 لیژنەکە یەکەم کۆبونەوەی خۆی لە بەغداد گرێداو بڕیاری پێکهێنانی پێنج لیژنەی لاوەکی دران بۆ ئاسانکردنی کارەکان وەکو لیژنەکانی دارایی بۆ خەرجکردن و مامەڵەکردن بەو 200 ملیۆن دۆلارەی حکومەت دیاری کردووە بۆی .. لیژنەی


محەمەد خەلیل – گردبوونەوەی عەرەبی

گەڕانەوەی ڕاستییەکان کە هەڵدەستێت بە گەڕان بەدوای ئەو بەڵگە فەرمییانەی کە ئەسڵی شارەکە و خەڵکی شارەکە دیاریدەکەن.. لیژنەیەکی تر لیژنەی ئەرشیف و دیکۆمێنتەکانە کە پەیوەستە بە هاشم شبلی سەرۆکی لیژنەکەوە و کار لەسەر هەموو ئەوبەڵگەنامانە دەکات کە باوەڕپێکراون.. لیژنەی چاودێری وبەدواداچوون لیژنەیەکیترە کە وەك چاودێرێك وایە بەسەر کارەکانی لیژنەکەوە و خاڵە لاوازەکانیان دەستنیشاندەکات. لیژنەی هونەریش گرنگترین لیژنەی فەرعییە چونکە ڕاستەوخۆ پەیوەستە بەوەزارەتە پەیوەندیدارەکانی وەکو شارەوانی وناوخۆ و فەرمانگەکانی ئامار و باری شارستانی و دارایی و نیشتەجێبوونەوە...

(( بابەکر سدیق )) نوێنەری کورد لە لیژنەکە ئاماژە بەوە دەکات کەهیچ ڕێگرییەکی ئەوتۆ نییە لەبەردەم لیژنەکەدا کە جێگای مەترسی بێت. لەگەڵ ئەمەشدا بەشێك لەتورکمانەکانی کەرکوك و بەتایبەت بەرەی تورکمانی ئەو لیژنەیە ڕەتدەکەنەوە. (( عەلی مەهدی )) ئەندامی ئەنجومەنی کەرکوك لەسەر کوتلەی تورکمانی کارەکانی مادەکەی پێ قبوڵ نییە و وتی " هەموو دژایەتییەکی دەکەین لەبەر ئەوەی مادەی 140 ڕوون نییە و نازانین ڕاپرسی لەسەر چ بنەمایەك دەکرێت" لەلایەکیترەوە ڕەخنەی لەوەگرت کە لە دەستوری هەرێمی کوردستاندا کوردەکان کەرکوکیان خستۆتە جوگرافیاکەیانەوە، عەلی دەڵێت " دەبێت نەنووسن کەرکوك بەشێکە لە کوردستان "و پرسیاریکرد کە " لەسەر چ بنەماو چ یاساو چ دەستورێك کەرکوك بەشێکە لە کوردستان کە هێشتا لە دەستوری عێراقییدا یەکلایی نەکراوەتەوە " پاشتریش بە پێداگیرییەکەوە وتی " خەڵکی کەرکوك بریار لەچارەنووسی کەرکوك دەدەن و بەرژەوەندی تورکیاش لەوەدایە کە کەرکوك فیدرالییەتێك یان هەرێمێك یان پارێزگایەکی تایبەت بێت و ئێستا تورکیا کار بۆ ئەو مەبەستە دەکات " عەلی مەهدی ئەندامی ئەنجومەنی کەرکوکە بەڵام دیاری نەکراوە بۆ ئەندامی لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی مادەی 140. لەبەرامبەردا ئەنجومەنی کەرکوك و ئەنجومەنی وەزیران (( تەحسین کەهیە))یان وەك نوێنەری تورکمانەکانی کەرکوك دەستنیشانکرد.. بەرامبەر بەم دیارینەکردنەی هیچ ئەندامێکی بەرەی تورکمانی بۆ ئەم لیژنەیە، بەرەی تورکمانی بەیاننامەیەکیان دەرکرد کە تیایدا ئەو لیژنەیە ڕەتدەکەنەوە و دژی دەوەستنەوە ئەگەر گۆڕانکاری تیا نەکرێت. بابەکر سدیق هۆکاری دەرکردنی بەیانەکەی بۆ کێشەیەکی شەخسی نێوان تەحسین کەهیە وبەرەی تورکمانی گێڕایەوە و هۆکارێکیتریشی گەڕاندەوە بۆ ئەوەی تەحسین کەهییە لە مەزهەبی شیعەیە وپیاوێکی خەباتگێڕە و بەرەی تورکمانیش سوننە مەزهەبن..عەلی مەهدی ئەو هەواڵانەی ڕەتکردەوە و وتی " ئێمە ڕەخنەمان لە میکانیزمی پێکهێنانی لیژنەکە هەیە وکێشەکە شەخسی ومەزهەبی نییە، چونکە دوو ئەندام بۆ تورکمان دانراوە کە هەردووکیان لە یەك پارتن و لیژنەکە بە زۆر دانراوە و هاوسەنگی نەپاراستووە نوێنەری تورکمانی تیا نییە " ئەم ڕەفتارەشی بە هی " سەردەمی بەعس " ناوبرد. بابەکر سدیق لەوبارەیەوە دەڵێ " بەرەی تورکمانی یەك نوێنەریان لە پەرلەمان هەیە، ئەو نوێنەرەش لەوانەیە دەوام نەکات وخەریکی سەفەر و ڕابواردنی خۆی بێت" عەلی دڵنیایی بەرەی تورکمانی دووپاتکردەوە لەوەی دەستور ڕەتدەکەنەوە.. لەهەمبەر ئەمانەشدا(( تەحسین کەهیە)) ئەوە ڕادەگەیەنێت " من تورکمانم و خۆم بەنوێنەری تورکمان دەزانم " و سەبارەت بەو قسانەش کە لەدژی دەکرێن ووتی " قسەیەکن و دەکرێن "

عەلی مەهدی داوای ئەوە دەکات کارەکانی لیژنەکە بەچاودێری نەتەوە یەکگرتووەکان و لەسەر ئاستی نێو دەوڵەتی بێت، لەبارەی زیانی تورکمانەکانیشەوە کاتێك کەرکوك بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان ڕایگەیاند " زیانەکانمان مەعنەویین و سیاسەتی کوردەکان لە دوای 1991ەکەوە بۆ سەر تورکمان سیاسەتی ترس وچەوسانەوە بووە "

بابەکر سدیق بەرەی تورکمانی بە " دۆڕاو " لە گۆڕەپانی سیاسی عێراق وکوردستان وەسفکرد و وتی " هەوڵدەدەن بەرامبەرەکانیشیان تیابچن، چونکە خۆیان نەماون " ئاماژەی بەوەش کرد هەوڵی ئەندامەکانی بەرەی تورکمانی بۆ " بەرژەوەندی تایبەتییە، نەك نەتەوەیی "

(( محەمەد خەلیل )) ئەندامی ئەنجومەنی کەرکوك و لیژنەی باڵای ئاسایی کردنەوەی مادەی 140 وەك نوێنەری حیزبی گردبوونەوەی عەرەبی و عەرەبەکانی ناوچەکە ، لەبارەی گەڕانەوەی کەرکوك بۆ سەرهەرێمی کوردستان ووتی " کەرکوك شارێکی عێراقییە



بابەکر سدیق – گروپی کوردی

و ڕازینابین کەرکوك بخرێتە سەر هیچ هەرێمێك و ئەوە ڕوانینی کوردە کە کەرکوك شارێکی کوردستانییە" ، محەمەد درێژەی بەقسەکانی دا و وتی " کەرکوك شارێکی سەربەخۆیە و پەیوەستە بەناوەندەوە " محەممەد باسی ئەوە دەکات کە کورد و عەرەب و تورکمان و لایەنەکانی دیکەی کەرکوك پێکەوە، ژیانێکی ئاشتییانەیان هەیە و برایانە دەژین. وتیشی " بەڕوونی ئەوە دەڵێم کە سیاسەتی کوردی نەیتوانییەوە قەناعەت بە گەلی کەرکوك بکات بۆ ئەوەی کەرکوك لە چوارچێوەی کوردستاندا بێت، ئێمە دژی مادەکە نین بەلام لەگەل ئەوەداین کە نابێت عەرەب بگەڕێتەوە" ئەمە بۆچوونی نوێنەری عەرەبەکانی کەرکوکە کە بەهیچ شێوەیەك لەگەل گەڕاندنەوەی عەرەبەکانی کەرکوك نییە بۆ زێدی خۆیان.

لەگەرمەی ئەم ململانێ توندەی ناو کەرکوکدا کۆمەڵێك عەرەبی کەرکوك بەناوی (( کوتلەی کەرکوك بۆ هەموو عێراقییەکان )) بەیاننامەیەکی توند لەدژی داگرتنی ئالای عێراقی دەردەکەن و تیایدا ئاماژە بەوە دەدەن " سەرۆکی ئێستای هەرێمی کوردستان بۆچی لە ساڵی 1996 ئالای عێراقی دانەگرت کاتێك بەسەر دەبابەی عێراقییەوە هاتنە ناو هەولێرەوە لەدژی پارتەکەی تالەبانی " هەر لەو بەیاننامەیەشدا ئەو دەنگۆیانە ڕەتدەکەنەوە کە باس لە کۆبونەوەی سەرەك خێلە عەرەبەکان لە کەرکوك دەکات لەدژی کورد بەهۆی بڕیاری داگرتنی ئالای عێراقییەوە، نوێنەری عەرەبەکان تێڕوانینی گەلی عەرەبی سەبارەت بەداگرتنی ئالای عێراقی واناوزەند کرد" داگرتنی ئالا لەناو زەوییەکانی وولاتدا سەرەتایەکە بۆ جیابوونەوە" هەر لەم کاتەشدا لیستی برایەتی لە ئەنجومەنی پارێزگای کەرکوك بەیاننامەیەك دەردەکات وبەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ پشتگیری لەداگرتنی ئالای ئێستای عێراق دەکات .

ئێستای شاری کەرکوك لە قەیرانێکی قووڵی سیاسدایە و وەك چەندین ساڵە هەروابوو ، ئێستاش چارەنووسی روون نییە، چاودێرانی سیاسیش ئەوە لێکدەدەنەوە کە کەرکوك " بەساڵێکی خوێناوییدا " تێدەپەرێت بەهۆی ئەو تێکچڕژانە سیاسی ونەتەوەیی ومەزهەبی و پارتگەرییەوە .. کوردە کەرکوکییەکانیش ئومێدێکی ئەوتۆیان بە عەرەب نییە " ئەگەر کورد خۆی هەوڵنەدات" .. هەوڵێکی زۆریش هەیە بۆ لەباربردنی ئەمن و ئاسایشی شارەکە و تێکچوونی ڕەوشی شارەکە بۆئەوەی مادەکە دوابخەن و جێبەجێنەکرێت..، هەندێ لە کەرکوکییەکانیش هەستدەکەن کە " هەوڵێکی ئیقلیمی هەیە بۆ جێبەجێنەکردنی مادەی 140 چونکە ترسی ئەوەیان هەیە بگەڕێتەوە سەر هەرێمی کوردستان "

# پیرۆزبایی

**بەناوی ستافی گۆڤاری لڤین پیرۆزبایی لە بەڕێزان (هەردی مەهدی ) ئەندامی دەستەی نوسەرانی گۆڤارەکەمان و هاوکارمان (رۆژان سەیفور) دەکەین بە بۆنەی گۆڕینەوەی ئەڵقەی هاوسەرێتییەوە . ئوێدخوازین شادی و کامەرانی ببێتە هەوێنی ژیانی ئایندەیان .**

**گۆڤاری لڤین**

# پیرۆزبایی

**بەناوی ستافی گۆڤاری لڤین پیرۆزبایی لە بەڕێزان (ئەیمەن ئەمین) تایپیستی گۆڤارەکەمان و خاتوو (بەفرین) دەکەین بە بۆنەی چونە ناو کەژاوەی زێڕنەوە . ئومێدی ژیانێکی کامەران و بەختیاریان بۆ دەخوازین .**

**گۆڤاری لڤین**

**رونکردنەوە**

**لە ژمارەی پێشوی گۆڤاری لڤیندا و لە ریپۆرتاژی (هەموو کورد دەبێتە رۆژنامەنووس) بۆچونێکی من وەرگیراوە لەسەر ئاستی ئەکادیمی بوونی ستافی گۆڤاری گەنج من لەو بۆچونەدا وتومە کە ستافەکەی ئێمە ئەکادیمی نین نەک شارەزا نین لە کاری رۆژنامەنوسیدا .**

**زانکۆ سەردار**

**دەستەی نوسەرانی گۆڤاری گەنج**